


## چاوپێکەوتنی ( ئاسۆسیێشن سۆلیداریتی ئیراک ) ی فەرەنسی لەگەڵ

## ئازاد ئەحمەد سەرپەرشتیاری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان - عێراق

**پ 1:کیشەی منالان لە عیراق بە شیوەیەکی سەرەکی چیە؟ئایا ئەو منالانەی کە بی جیگاو ریگان یان لە سەر جاددە و لی قەوماون زۆرن.کی ئاگای لەوانە؟**

وەلام: دەتوانین زۆر شت باس بکەین کە لە عیراقی ئەمرۆدا کیشەی سەرەکی و گەورەن بۆ منالان . وە رەنگە نەتوانین لە چاوپیکەوتنیکی ئاوا کورتدا باسی هەر هەموویان بکەین. بەلام سەرەکی ترین کیشەی منالان ئەمرۆ لە عیراق، بریتیە لە :

*نەبوونی ئەمنیەت لە عیراقدا وەك چۆن بۆ هەموو خەلك کیشەیە . بەلام کاریگەری راستەوخۆی بۆ سەر منالان هەیە .ئیوە خۆتان حتما رووداوەکەی چەند مانگ لەمەو بەری– بغداد جدیدە–تان بیستووە کە چۆن زیاتر لە 33 منالیان کردە قوربانی .وە لە رووداوەکەی پردی" الامة" لە ئەعزەمیە دا بە سەدان منال تیا چوون. رۆژانە ئەم کارەسات و رووداوانە دووبارە دەبنەوە . بەلام من ئەمەویت ئەوە بلیم کە کیشەکە بە تەنیا هەر ئەوەندە نیە کە تەقینەوەیەك دەبیت وچەندین منال دەبنە قوربانی و ئیتر تەواو ئەوانەی کە نەجاتیان بووە هیچی تر لە گۆری نیە.بە پیچەوانەوە کاریگەری نەبوونی ئەمنیەت لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی منالان بی حەددە و حیسابە.کاریگەری نەفسی ئەم تەقینەوە و کوشت و کوشتارە تەسەوور ناکریت چەندە زۆرە . بیهیننە بەر چاوی خۆتان کوشتنی دەیان کەس و لاشەی سەر و گوی قرتاوی دەیان کەس بە بەر چاوی منالی 6–7 سالەوە روودەدات .دەبی نەفسیەت و لیکدانەوەکانی ئەو منالانە لە داهاتوودا بۆ ژیان چۆن بیت؟؟!!بە دلنیاییەوە تا عومریکی زۆر تەئسیری سلبی دەمینیت لە سەر ئەو منالانە.

هەر بە هۆی نەبوونی ئەمنیەتەوە منالانی عیراق بی بەشن لە هەموو جۆرە کات بە سەر بردنیکی خۆش و پیویست کە بۆ منالان وەکو ئاوو هەوا پیویستە.

*وجودی حیزب و دەستە تاقمە ئیسلامی و قەومی و کۆنەپەرستەکان یەکیکی ترە لەو بەلایانەی کە بە سەر سەری منالانی عیراقەوەیە. لەمرۆدا بە دەیان هەزار منالی عیراقی کە تەمەنیان لە نیوان 6–15 سالی دایە ، لە لایەن ئەم دەستەو تاقمە دژی بەشەریانەوە غسل دەماغ دەکرین و لە مزگەوت و لە ناو مقەرە حیزبیەکانیاندا جەهل و خورافە وئینسان کوژی و خۆتەقاندنەوە –بە ناوی شەهید بوونەوە– ولیدان و ئیهانەو سووکایەتی بە منال و بە ژنیان فیر دەکریت.

*لیدان بە شیوەیەکی زۆر توند ونائینسانیانەو کارکرنی قورس بە منالان ونەبوونی قوتابخانە وکتیب ودکتۆر و دەرمان و شیرو یاریگا و ئاوو کارەبا و سووتەمەنی و.........هتد و هەروەها هەزاری عائیلەی عیراقی وای کردووە کە منالانی عیراق لە مەحرووم ترین منالانی دنیا بن.

سەرەرای ئەمانە ئالوودە بوونی منالان بە مخدراتەوە کە لە لایەن باند ومافیاکانی سەر بە حیزبە ئیسلامی وقەومیەکان ودەولەتەوە بازرگانی پی دەکریت کارەساتیکە کە تەسەووری ناکەیت. بە پیی تقریریك کە من خویندمەوە ئیحصاییەك کراوە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی عیراقەوە تەنها لە بغداد 7000 منال هەیە کە ئالوودە بوون بە موادی مخدرەوە ولەوەش خراپتر ئەوەیە کە هیچ هەنگاویك لە لایەن حکومەتەوە نەنراوە بۆ بەرگرتن و چارەسەری ئەم کیشەیە.

تەعەروزی جنسی بە منالانی تەنانەت 6–7 سالە وسك پر کردنی منالی کچی 10–12 سالە، منالانی بی خانەو لانە و بی دایك و باوك، کە پاشماوەی خۆراك دەخۆن لە زبل خانەکان ولە سەر جاددە دەخەون ،کە ئیمە لەم بارەوە فیلمیکی ڤیدیویی بەلگەنامەییمان لەبەردەستدایە، لە ئەمرۆی عیراقدا زۆر بەر چاوەو لە ناوچەی بەتاوین لە بغدادی پایتەخت بە دەیان و سەدان منالی لەو بابەتە بە چاوی خۆت دەتوانی ببینی، کە بە شێکی فیلمەکەی ئێمە بریتییە لە چاوپێکەوتن و لێکۆڵێنەوە لەگەڵ ئەو منالانەدا و خۆیان باس لە وەزعیەتی خۆیان دەکەن ، لە وەلاّم بە پرسیارەکانی "شێرزاد فاتح" بەرپرسی دەرەوەی وولاّتی سەنتەری منالاّن کە لە ماوەی سەردانەکەیدا بۆ عێراق ساڵی پار ئامادەی کرد، شایانی ووتنە ئەم فیلمە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی سویدی.

هەموو بەیانیەکی زوو دەتوانی لە کۆلانە نەدیوەکانی خەستەخانەکانی منال بوون چەندین منالی ساوای تازە لە دایك بوو ببینی کە باوك و دایکیان نایانەوین و فریبان داون . یان بەرهەمی پەیوەندیەکی دەرەوەی زەواجن ودوای لە دایك بوونیان لە سەر جاددە وکۆلانەکانی خەستەخانە فری دەدرین.ئەمانە ئەگەر شانسیان هەبیت کەسیکی ئینسان دۆست بیان باتەوە بۆ خۆیان ئەگەر نا لە زۆر حالەتدا دەبنە خۆراکی سەگ و پشیلەکانی

ئەو ناوە ، یان لە بی کەسی و لە برسا و لە سەرما و لە گەرما گیان لە دەست دەدەن وبەلەدیەی حکومەتە "دیموکراتی"ەکەشمان ئەرکی شاردنەوەی لە ژێر گلدا لە ئەستۆ دەگرێت ، سەیر کەن چ کارەساتیکە!!
من دەتوانم زۆر شتی تر باس بکەم بەلام وەلامی پرسیارەکە زۆر دریژ دەبیت.
سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە کە ژمارەی منالی لی قەوماو چەندە لە راستیدا ئاماریکی دروستم لە بەر دەست نیە،بەلام بەهەزاران منالی وا هەیە و تا ئیستا نەحکومەت ونە هیچ لایەنیك مەسئولیەتی لە بەرامبەریاندا نیشان نەداوە و نەك هەر کەس ئاگای لییان نیە بەلکو وەك باسم کرد تەعەروزی جنسیان و سوئیستیفادەیان لی دەکریت بۆ کاری جۆراو جۆری نائینسانی وەك تەقینەوەو کوشتن و دزی پی کردن و............هتد.
**پ 2: وەزعی ژنانی دوو گیان چۆنە؟ ژمارەی ئەو شوینانەی کە بۆ منال بوونە چەندە؟**
وەلام: هەر چەندە من شارەزاییم زۆر لەم بوارەدا نیە ،بەلام بە پیی معلوماتیك کە هەمە لە شارەکان چەند خەستەخانەیەکی منال بوون هەیە کە بە هیچ شیوەیەك بەشی ئەو ریژە زۆرە لە راددەی منال بوون ناکات کە رۆژانە لە دایك دەبن. وە دەتوانم بلیم کە نزیکەی نیوە زیاتری حالەتەکانی لە دایك بوون لە دەرەوەی خەستەخانە و دوورلە چاودیری پزیشك روودەدات و لە هەل ومەرجیکی بە تەواوی ناتەندروست و لە ژیر چاودیری مامانی شعبی کە زۆر زۆر ناتەندروست وپیس و لە هەمان کاتدا خەتەریشە روو دەدەات و لە زۆر حالەتدا ژنەکە، یان گیانی دەکەویتە خەتەرەوە ولە گەل مەرگ بەرەو روودەبیت ،یان ئەوەیە کە تووشی برینداریەکی زۆر دەبیت و ماوەیەکی زۆری پیویستە تا برینەکانی چاك دەبیتەوە ودوای ئەمەش ناتەواویەك کە لە جسمیدا روو دەدات کار دەکاتە سەر توانای سیکسی و راددەی لەزەت بردن لە سیکس کەم دەکاتەوە و کۆمەلی شتی تریش بەدوای خۆی دادەهینیت کە ئەعرازی لاوەکی ئەمەیە، ئەمە جگە لەو ژینگە نا تەندروستەی کە بۆ منالە ساواکە دروست دەبێت .
معامەلەی نائینسانی دکتۆر و کارمەندەکانی خەستەخانەش لە گەل ژنانی دوو گیان یەکیکی تر لەو موشکیلانەیە کە زۆر ئازاری ژنان دەدات و تەنانەت وای کردووە کە ژنان لە ترسی ئەم معامەلە نائینسانیە روو نەکەنە خەستەخانە بۆ منال بوون.
بەلام سەبارەت بە وەزعی ژنانی دوو گیان پیش منال بوون ئەوا لە گەل چەندین کیشە بەرەو روون ،کە هەژاری و نەبوونی دکتۆر و دەرمانی پیویست ولە هەمان کاتدا ئیشی قورسی ناو مال و دەرەوە و پیاوسالاری و.........هتد، لە کیشە سەرەکیەکانن.ئەمە بە جیا لە معاناتیك بە هۆی فەرهەنگی دواکەوتووەوە ،کاتیك ژنیك منالی کچی دەبیت تووشی ئیهانە و نارەحەتی نەفسی زۆر دەکریت، لە لایەن فەرهەنگی باوو عەشایرو کۆنەپەرست و پیاوانەوەو وەك ئەوەی سەرخۆشی لێبکەن. بەڵام پێچەوانەی ئەمە دەکرێت لە لایەن ئەو ژنانەوەی کە منالّی کوڕیان دەبێت.
**پ 3:ئایا سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی عیراق هەلسوراوە؟**
وەلام: سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان سەرباری هاوکاری نەکردنی لە لایەن دام دەزگای دەوڵەتییەو و بە هەوڵ و هیمەتی هەڵسوڕاوانی و هاوکارانیان لە خەڵکی ئازادی خواز ، ماوەی نزیك بە 6 ساڵە سەرسەختانە لە سەنگەری بەرگری لە منالاندا ڕاوەستاوەو بە دژی کۆنەپەرستی و حیجابی منالان و لیدان و سوکایەتی بە منالان وەستاوەتەوە ، لە هەمان کاتدا بۆ ناساندنی مافەکانی منالان بە کۆمەلگاو نەهێشتنی توندو تیژی خەبات دەکات ، هەر بۆیە و لە سەرەتای ساڵی 1999 وە ئیمە هەلسوراوانیك لە سەنتەری منالان ، لە ئاکامی ئەو وەزعە خراپەی منالانەوە کە لە سەرەوە باسمان کرد گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە زۆر پیویستە بە شیوەیەکی هەلسوراوانە بیینە مەیدانەوە ودەست بەکار بین بۆ بەدی هینانی مافەکانی منالان و کۆتایی هینان بەو مەینەتیەی کە منالی عیراقی هەیەتی.
دیارە هەوڵ و کاری ئێمە لە بەغداد و لە هەندێ لە شارەکانی جنوبی عێراق بۆ پاش ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی بەعس دەگەڕێتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك کاری باشمان کردووە. بەرنامەی ئێمە لە ئێستادا دەتوانم لە سێ خاڵی سەرەکیدا کۆی بکەمەوە.یەکەم: هەوڵدان بۆ نەهێشتنی توندو تیژی دژ بە منالان لە کۆمەڵگای عێراقدا. دووەم: هەوڵدان بۆ ناساندنی مافەکان بە کۆمەڵگاو بەرگری لێکردنیان. سێیەم: بۆ منالانی قوربانی شەڕ" منالانی ئەلکهولیست ، بێسەرپەرشت ، منالانی سەرجادە ، ئەوانەی کە توشی نەخۆشی هاتوون و توانای چارەسەریان لە عێراق سەختە ....و...هتد" بە پێی بەرنامەی کارمان چ لە ناوەو چ لە دەرەوەی وولات لە هەوڵی ئەوەداین کە کۆمەك و هاوکاری بەدەست بهێین بۆ بردنە پێشەوەی کارەکان و پرۆژەکانمان لەوبارانەوە کە ئیشارەتمان پێکرد.
**پ4:ئەی سەبارەت بە موشکیلەی مخدارت لە عیراق و ئە وەی کە لاوانی عیراق بەکاری دەهینن چی؟ ئایا ئەمە دیاردەیەکی تازەیە لە عیراق؟**
وەلام: دەتوانم بلیم کە لە رابردوودا هیچ کات بە قەدەر ئیستا مەوادی مخەدیر وتلیاك و حەبی مخەدیر نەهاتۆتە ناو عیراقەوە .ئیستا لە عیراق بە سەدان باندی مافیای چەکدار هەن کە لە گەل حکومەت ومەسئولەکان و حیزبە ئیسلامی و چەکدارەکان شەریکن. وە لە راستیدا بازرگانی بە تلیاکەوە یەکیك لە بازرگانیە قازانج هینەرەکانە بۆ ئەم حیزب و دەستە وتاقمانە وهەر لە نەتیجەی ئەمەشەوەیە کە ئەمرۆ لە عیراق بە دەیان هەزار کەس تووشی ئەم بەلایە بوون کە بەشیکی زۆریان بریتین لەمنالان و لاوان و ئەگەر کەسیك بیەویت ئەوا لە کوچە و کۆلانەکانی شارەکان بە ئاسانی دەتوانی ئەوان ببینیت کە خەریکی خواردنی تریاك وحەبی مخەدیر وسیکۆتین و.........هتدن. ئەمە ریك بازرگانیە بە خوین وگیان وژیانی جیلیك لە ئینسانەکانی ئەم کۆمەلگایە کە ناوی عیراقە.
**پ 5 : ئایا وەزعی کوردستان زۆر فەرقی هەیە لە گەل ناوەراست و خوارووی عیراق؟**

وەلام: دەتوانم بلیم کە جیاوازی هەیە .بۆ نمونە لە باری ئەمنیەوە کوردستان تا رادەیەکی زۆر ئەمنیەتی زیاترە وەك لە چاو ناوەراست و خوارووی عیراق وبە هەر حال نەزم و نەسەقیك هەیە کە لە باقی عیراق نیە ، دیارە ئەمە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراقدا.

بەلام ئەمە بە هیچ شیوەیەك بە مەعنای ئەوە نیە کە خەلك بە شیوەیەکی گشتی وژنان و منالان بە تایبەتی وەزعیان باش بیت .بە پیچەوانە لیدان لە منالان و بی بەشی و چەوساندنەوەیان وکارکردن بە منالان و هەژاری ونەبوونی یاریگا و قوتابخانەو دکتۆر و داو دەرمانی پیویست و..........هتد ئەمە کیشەی منالانە وکوشتنی ژنان و ناعەدالەتی وفەسادی ئیداری وسەرکووتی ئازادی و نەبوونی سەرەکی ترین خزمەت گوزاریەکانی وەکو ئاوو کارەبا وسووتەمەنی وجاددە و ریگاو بان و لە هەموویشی گرنگتر مەسەلەی یەکلا نەبوونەوەی چارەنووسی سیاسی کوردستان لە داهاتوودا و........هتد هەموو ئەمانە لە کیشە گەورەکانی خەلکن.کە لە 1 سالی رابردوودا چەندین خۆپیشاندان وشکل و شیوازی تری نارەزایەتی دەربرین هەبووە کە بە هەزاران کەس بەشداریان تییدا کردووە. ژیانی خۆش و سەرحاڵی تەنها بۆ دەسەڵاتداران و ئەو کەسانەیە کە دەوڵەمەندن  یان لەوان نزیکن.

پ 6: خەلکی ئەورووپا بە چ شیوەیەك دەتوانن یارمەتی منالانی عیراق بدەن؟

وەلام: زۆر ریگا هەیە کە خەلکی ئەورووپا دەتوانن یارمەتی منالانی عیراقی پی بدەن. گرنگتر لە هەموو یان ئەو خۆپیشاندان و هاتنە مەیدانەی خەلکە بۆ کۆتاییی هینان بە داگیر کاری و ئەو وەزعەی ئەمرۆ لە عیراقدا هەیە کە بەرهەمی راستەوخۆی سیاسەتە عەسکەرتاری و دژی ئینسانیەکانی ئەمریکا و بەریتانیا وهاوپەیمانەکانیانە.ئەگەر ئەم کیشەیە لە عیراقدا کۆتایی پی بیت ئەوا یەکیك لە کیشە گەورەکانی منالانی عیراقیش کۆتایی پی دیت.

لە لایەکی ترەوە منالانی عیراق زۆریان پیویست بە یارمەتی تری لە چەشنی دەرمان و جل وبەرگ ودکتۆر وشوینی حەوانەوە و..........هتد هەیە.

هەر ئیستا ئیمە لە عیراق لە هەولی کردنەوەی چەند شلتەریکداین بۆ ئەو منالانەی کە ئاوارەن و لە سەر جاددەکان دەخەون وتەعەروزی جنسیان پی دەکریت و موادی مخەدیر دەخۆن و..........هتد. ئیمە کیشەیەکی سەرەکیمان لە کردنەوەی ئەو سەنتەرەدا نەبوونی ئیمکاناتی پیویست و دەرمان و پیداویستیەکانی ترە.

داوامان لە خەلکی ئینسان دۆست و ئازادی خوازی ئەورووپا ئەوەیە کە هەم دەنگمان بگەیەنن بە گویی هەموو دنیا و هەم یارمەتی منالانی عیراق بدەن بە هەر شیوەیەك کە ئیمکانی هەیە بۆیان یارمەتی منالانی عیراق بدەن.

ئیمە بۆ کۆتایی هینان بە تراژیدیایەك کەمنالانی عیراق تیایدا دەژین ،وە بۆ بەدی هینانی مافەکانی منالانی عیراق پیویستمان بە هاوکاری ئیوە هەیە . سەنتەری منالان مالپەڕێکی هەیە بەم ناونیشانە" www.santarimnalan.com " کە بە 3 زمان " عەرەبی ، کوردی و سویدی" وە دەتوانن سەردانی بکەن. هەروەها بۆ چۆنێتی ناردنی کۆمەك و هاوکاری دەتوانن لە ڕێگەی ئەم حیساب بانکییەوە کۆمەکەکانتان بۆ منالانی عێراق بنێرن

| | |
|---|---|
| IBAN: ژمارەی کۆنتۆکە | SE59 9500 0099 6042 0390 8043 |
| BIC-kod (SWIFT-adress): کۆدی کۆنتۆکە | NDEASESS |
| Adressbanken ئادرێسی بانکەکە لە سوید | Nordia Banken AB<br>Hamngatan 10<br>105 71 Stockholm – Seden |
| Kontohavare: ناوی ئادرێسی ئەو ڕێکخراوەی کە کنتۆکەی بە ناوەوەیە، کە ئەویش سەنتەری منالانە | CENTER FÖR FÖRSVAR AV BARNENS<br>RÄTTIGH I IRAK -CFBRI<br>JÖKELV 26, LÄGH 45, C/O FATIH<br>80633 GÄVLE – Sweden |

هەروەها سەنتەری منالان لە ناوەوی وولات لە کوردستان و لە بەغدا نوسینگەی هەیەو دەتوانن بە بەرپرسی ناوەوەی عێراقی سەنتەر بەم ناونیشانە پەیوەندی بگرن. Azadahmed71@yahoo.com، TEl: 00964 7701 5334 32 ، وە بۆ پەیوەندی گرتن بە بەرپرسی دەرەوەی وولاتی سەنتەری منالان دەتوانن بەم ئادرێس و ژمارەی تەلەفۆنە پەیوەندی بگرن sherzad_f@yahoo.com   Tel : 0046 73 57 15 449.

لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا بۆ ئەم چاوپێکەوتنە.

ئازاد ئەحمەد

سەرپەرشتیاری ناوەوەی وولاتی سەنتەری منالان

* بۆ بینینی چاوپێکەوتنەکە بە زمانی فەرەنسی لێرە کلیك بکە www.solidariteirak.org/sommaire.php3